دکتور سالح ئیبراهیمی



کێ لە هەمووان بێفەرترە رادەکێشرێتە نێو دۆژەهـ ﴿١٥﴾ ئەوکەسەی کە (نیشانەکانی خوای) بە درۆ دانا و پشتی تێکرد ﴿١٦﴾ بە زوویی خۆپارێزترین خەڵـک لەوە دوور دەخرێنەوە ﴿١٧﴾ کەسێ کە ماڵی خۆی بۆ پاککردنەوەی خـۆی ئەبەخشـێ ﴿١٨﴾ بـۆ هـیچکەس لای ئەو هەقـی نیعمەتێک نییە تا بیەوێ (کە بەو هۆیەوە) پاداش بدرێتەوە ﴿١٩﴾ مەگەر ویستنی ڕازی بوون و خۆشنوودی پەروەرێنەری بەرزی خۆی ﴿٢٠﴾ لە دواییدا ڕازی و خۆشنوود ئەبێ ﴿٢١﴾

## سوورەی زوحا

### سوورەی زوحا لە مەککە هاتۆتە خوارێ و بە (بسم‌الله)وە ١١ ئایەتە

بە ناوی خوای بەخشەر و دڵلاوێن.

سـوێند بە چێشـتەنگاو، بە سـەرەتای ڕۆژ ﴿١﴾ وازی لە تـۆ نەهێنـاوە و (سـوێند) بە شـەو لە جەنگەی هەدادانا ﴿٢﴾ کە پەروەرێنەرت تۆی تەرک نەکردووە و لە تۆ تـووڕە و قەڵـس نەبـووە ﴿٣﴾ بێگومان ئاخیرەت بۆ تۆ لە دنیا باشترە ﴿٤﴾ چما پەروەرێـنەرت ئەوەنـدەت پـێ ئەدا کە خۆشنوود بـی ﴿٥﴾ ئایـا تـۆ سێویییەک نەبـوی، جـا پەنـای دای؟ ﴿٦﴾ تـۆی دی گـومڕای، جـا ڕێنوێنی کردی ﴿٧﴾ تۆی بە فەقیری گیر هـات، جـا بـێنیـازی کـردی ﴿٨﴾ سـا تـۆیش هەتیـو مەڕەنجێـنە ﴿٩﴾ سـواڵکەر (بە ئـازارەوە) دەرمەکە ﴿١٠﴾ نـاز و نیعمەتـی پەروەرێـنەرت بگێڕەوە و قسەی لێبکە ﴿١١﴾

## سوورەی شەرح

### سوورەی شەرح لە مەککە هاتۆتە خوارێ و بە (بسم‌الله)وە ٨ ئایەتە

بە ناوی خوای بەخشەر و دڵلاوێن.

ئاخۆ سینگی تۆمان گوشاد نەکردووە؟! ﴿١﴾ ئایا باری گرانـی تۆمـان لە تـۆ نەکـردەوە؟! ﴿٢﴾ ئەو بارەی کە پشتی تۆی چەماندبوو ﴿٣﴾ ناوبانگی تۆمان بەرز کردەوە ﴿٤﴾ لە دوای تەنگانە، فەرعانەیە ﴿٥﴾ ئارێ بەڕاستی لە دوای تەنگانە، فەرعانە هەیە ﴿٦﴾ جا کاتێ لە کار بوویەوە، هەستە و خەریکی عیبادەت کردن بەو تێبکۆشە ﴿٧﴾ تەنیـا بەرەو لای پەروەرێـنەرت سـەرنج بدە و ڕەغبەت پەیا بکە و بلاڵێوە ﴿٨﴾



Dr. Saleh Ebrahimi